

## سەلامەكی گەرم بۆ هاوڕێیان لە كوردستان نێت ی خۆ شەویست ... شاڵاو

من كە ناوم شاڵاوە دەتوانم بڵێم پێنج ساڵیش دەبێ زیاتر كە خوێنەرێكی بەردەوامی ماڵپەڕی كوردستان نێتم و بە دەیان جاریش هۆنراوەكانی خۆم ناوە ناوە بۆ ئەم ماڵپەڕە ناردووە و بڵاو كردۆتەوە وە هەمیشە وێنەی خۆم و ناونیشانی هۆتمایلی خۆم لەگەڵدا ناردووە.. لەم ڕۆژانە هاوڕێیەك بە ناوی شاڵاو هەولێری هەر لەم سایتە بەڕێزە هۆنراوەیەكی بڵاو كردۆتەوە... وە لەبەر ئەوەی منیش هەر خەلكی هەولێرم زۆر جاریش ناوم وەك شاڵاو هەولێری بڵاو بۆتەوە بەتایبەتی لە هەندێك بەرهەمەكانی زەكەریا كە هۆنراوەی گۆرانیم بۆ نووسیوە وەك هۆنراوەكانی (بگەڕێوە و دایە و ئیتر) ئێستاش من نامەیەكی زۆرم بۆ هاتووە لە هەندێك لەو برادەرانەی كە هۆنراوەكانی من دەخوێننەوە پرسیاری ئەم هۆنراوەیەم لێ دەكەن لە بە ناوی (دەنگی ئازادی كپ نابێ).... منیش پێم وایە ئەو كاك شاڵاوە پێویستە یان وا جوانترە ئەدرێسی مایلی خۆی بنووسی یان ئەگەر حەز بكا با وێنەی خۆی بڵاو بكاتەوە بۆ ئەوەی شتەكانی ئەو بەسەر من دا ساخ نەبیتەوە.. وە بە پێچەوانەوەش وە داوا لە بەڕێزتان دەكەم ئەگەر هەر هیچ نەبێ ئەدرێسی ئەو كاك شاڵاوەم بۆ بنێرم مەبەستم تەنها ئەدرێس مایلە.. وە خۆم دەتوانم پەیوەندی پێ بكەم و چارەیەك بدۆزینەوە بۆ ئەم مەبەستە.

ئیتر چاوەڕوانی وەڵامی ئیوەم
زۆر سوپاستان دەكەم.. لە سەرەتا

شاڵاو
shallaw1@hotmail.com
www.shallaw.info.se
www.shallawonline.info.se